

# جلی کوردی (٢٠١١)

جلی کوردی هاوشێوەی مۆدەکانی دیکەی جیهان لە کاری تازە و جوانکاری نوێدا بەردەوامە، تەنانەت مۆدەکان بەپێی ساڵەکان گۆڕانکاریان بەسەردا دێ و بەشێوازی دیکە دەردەکەون، بۆیە بە باشمان زانی دیزاینی تازە لە جلە کوردییەکان بۆ ساڵی داهاتووتان پێشکەش بکەین، کە مۆدەیەکی جوان و سەرنجڕاکێشە لە مۆدەی کراسە کوردییەکان. مۆدەی ئەو کراسە کوردییە لە دوو شێوەدا پێکهاتووە، یەکێکیان بریتییە لە قوماشی تەنك و ناسك، ئەوی دیکەش شێوازی تازەدا کاری دیزاینی بۆ کراوە، ئێستاش لە کوردستان دەست دەکەوێ و خانمان دەتوانن بیپۆشن.



## ماکیاژی ڕەنگە تێکەڵاوەکان بۆ ساڵی ٢٠١١







ئەوەی دەیبینن نموونەی جۆرە ماکیاژێکی سەرەنجڕاکێش و کراوەیە، لە ڕێگەی دابەش کردنی ڕەنگەکانە لە شێوەیەکی نا یەکسان، هەروەها دەرکەوتنی ڕەنگی پەمەیی بە شێوەیەکی ڕێکنەخراو لەسەر ماکیاژی ئەساس، تەنانەت ڕەنگی چاوەکان بە ڕەشی دەردەکەوێ، ڕەنگی پشت چاو و ڕەنگی لێو هاوڕەنگ دەبن، بەمەش ستایلێکی بەرز لە مۆدەکانی ماکیاژ پێشکەش بە جوانی رووخساری خانمان دەکرێن، بۆیە لە ڕێگەی ئەو جۆرە ماکیاژەوە، ڕەواڵەتی جوانی ڕەنگەکان بە ڕێگەیەکی نایەکسان دابەش دەکرێ بەسەر شوێنەکانی رووخسار و روومەت، بۆ ئەوەی تێکەڵاوی لە ماکیاژێکی تایبەت دەربخات و لە نزیکەوە شایستەی جوانی و سەرەنجڕاکێش بوون بێت ئەمەش دەبێتە یەکێك لە تازەترین مۆدەکان بۆ ساڵی داهاتوو.




# ماکیاژی لێو بۆ ساڵی تازە (٢٠١١)

لەگەڵ هاتنی ساڵی تازەوە، گشت لایەنەکان ئامادەکاری و کاری تازە بۆ ساڵی داهاتوو دادەنێن، ئەمەش لەپێناو بەرەو پێشوەبردنی کارەکان، لەلایەنی مۆدە و جوانکاریشدا هەمان کار کراوە، بۆ نموونە یەکێك لەوانە بریتییە لە دانانی ماکیاژێکی تایبەت بۆ لێو، کە بە چەند هەنگاوێکدا دەکرێت خانمان سوودی لێوە وەربگرن، ئەمەش دەبێتە یەکێك لە جوانترین مۆدەکانی لێو بۆ ساڵی ٢٠١١، کە لەم چەند وێنەیە هەنگاو بە هەنگاو پەیڕەوی بکەن.



## جلەکان بۆ ساڵی داهاتووی ٢٠١١

جلەکان هەر یەکە بە مۆدەیەکی تازەوە دەردەکەون، بۆ هەر ساڵێك یان وەرزێك جۆرە جلێك دەبێتە مۆدەی سەردەم، لە ساڵی ٢٠١٠ زیاتر تەنوورە وەك مۆدەیەکی باو وابوو، کەچی لە ساڵی داهاتوو مۆدەیەکی تازە دەردەکەوێ و کاری بۆ کراوە، ئەویش بەدی و کاوبۆی بۆ خانمانە، کە جوانییەکی سەرنجڕاکێش و جوان دەبەخشێ.

ئەم جۆرە مۆدەیە پێکدێ لە بۆدی بۆ سەرەوە، کە لە رەنگێکی سادە و بوونی چەند نەخشێك دەبێتە هۆکارێك بۆ جوانییەکی ناسك و رازاوە لەسەر جەستەی خانمان، لەگەڵ ئەو بۆدیەدا، کاوبۆی جینز شێوە کراوە، بە پێچەوانەی مۆدەی تەسکی ساڵی رابردوو دەبێتە مۆدەی ساڵی داهاتوو، ئەمەش بە مۆدەیەکی رازاوە و کراوە و سەرنجڕاکێش دادەنرێ.




بەرپرسی فایلی ڕەنگاوڕەنگ: ئیوان گەردی        بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :

Mobile: 07504679560        Email: iwan_gardi@hotmail.com

# پێشوو و ئێستای منداڵێک!




بـــواری پزیشــــکی یەکێکە لــــە بوارە پێشــــکەوتووەکانی جیهـــان، کە ژیانی مرۆڤ دەگۆڕێ لە کارەسات بۆ خۆشی و شادی، تەنانەت چەند حاڵەتێکی کەم هەیە بە پێچەوانە بێ، وەکو ئەو منداڵەی دەبینن کە وێنەی لە پێشـــوو و ئێستادا گیراوە، وێنەی پێشــــووی بریتیی بووە لە منداڵێك کە دوو قاچ و دەســـتێکی لەسەر سینگی هەبووە، ئەمەش بەهۆی تێکەڵـــی لەگەڵ جمکەکـــەی کە لە کاتی لە دایك بووندا روویداوە، کەچی دەبێتـــە یەکێك لـــە گەورەترین کاری نەشتەرگەری لە ساڵی ٢٠١٠ ئەنجام دراوە و ئەو منداڵەیان چارەسەر کردووە بە سەرکەوتوویی، ئەمەش دەبێتە یەکێك لە هەنگاوە سەرکەوتووە پزیشکییەکان.




# سەیرترین وێنەی

یەکێك لە ســـەیرترین وێنەکانی جیهان، کە بۆ ساڵی (٢٠١٠) دادەنرێ لە چەندین گۆڤار و ماڵپەرەکانی جیهانی، بریتییە لەم وێنەیەی کە لە یاری نێوان بەرشـــلۆنە و ریال مەدرید کە بە ئەنجامـــی (٥-٠) کۆتایی پێهات، لە وێنەکەدا یاریزانی بەرشـــلۆنە (ئەبیدال) دەستی هەڵبڕیوە



# کڵاشە جوانەکان بۆ ساڵی تازە ٢٠١١



کارەکان لـــە جوانی و دیمەنی تازەدا پێویستیان بـــە گۆڕانـــکاری و تازەگەری دەبێ، یەکێك لە کەرەستە کوردییەکان کـــە لەلایەن دەســـتی خۆماڵی دروست دەکرێ بریتییە لە (کڵاش)، کە بـــە یەکێك لـــە جوانترین کەرەســـتە کوردییـــەکان دادەنرێ و لەلایـــەن پیاوانەوە دەپۆشـــرێ، لێرەدا ئاماژە بە کڵاشی تازە دەکەین، کە شێوەی گۆڕانکاری بەســـەردا هاتووە بۆ ئەوەی لە ساڵی تازەدا بە مـــۆدەی نوێ و دیمەنێکی جوانەوە دەربکەوێ و لەلایەن گەنجان و پیاوانی کورد لەپێ بکرێن.

# ساڵی ٢٠١٠ !

بەرانبەر (کریســـتیانۆ ڕۆناڵــدۆی یاریزانی یانەی ریال مەدرید) مانای وێنەکەش بریتییە لەوەی کە ئێمە (٥) گۆڵمان کردووە.



# دیمەنێک لە شەوی سەری ساڵ

دیمەنێك لە ئامادەکاری بۆ سەری ساڵی تازە لە شاری سیدنی وڵاتی ئوسترالیا، کە دیمەنێکی جوان و سەرنجڕاکێش لەخۆ دەگــرێ، ئەمــەش وەك نموونەیەك بۆ ئەوەی لە شەوی سەری ساڵ، بەم شێوەیە کاری رازاوە بۆ ئەو شارە ئەنجام بدەن.



# کریسمەس لە کوردستان و جیهان

لەگەڵ هاتنەوەی سەری ساڵی زایینی و کریسمەس، گشت جیهان بە هێما و ئێکسسوارەکانی جوانکاری بۆ ئەو ڕۆژە لە کاری جوان و رازاوەدا دەبن بە هێمایەك بۆ گوزارشـــت کردن لەو ڕۆژە، ئەمەش زیاتر لە ڕێگەی دانانی داری کریسمەس و یان پۆشینی جلوبەرگی ســـانتا کلۆز، کە شێوەی پیاوێکی پیرە و چیرۆکێکی ئەفسانەیە کە سەری ساڵ دێت و کەرەستە و دیاری بۆ منداڵان دەهێنێ، کوردستانی خۆشمان بێبەش نییە لەو بۆنە، بۆیە لەکاتی سەری ساڵدا گشت شوێنە گشتییەکان دەڕازێنرینەوە بە داری کریسمەس و وێنەی سانتا کلــۆز و ئەمەش چەند وێنەیەکن لە ئامادەکاری بــۆ ڕۆژی ســەری ساڵی تازەی ٢٠١١.









## کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩



بەشـێوەیەك کـە چاوەڕوانت نەدەکرد سـەرکەوتنێکی گرنگ بەدەسـت دەهێنیت و دەبێتە هۆی ئەوەی هەست بە خۆشییەکی بێوێنە بکەیت، ئەمەش یارمەتیت ئەدات کە زیاتر گەشبین بیت لەئایندەدا.

## گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠




چەنـد زانیاریەکی نوێ دەزانیـت و دەبێتە هۆی ئەوەی زۆر نهێنیت بۆ ئاشکرا بێت کە پێشتر پێت وابوو بە ئاسانی ناتوانی پێیان بگەی.کەسـی بەرامبەر هێشـتا تۆی خۆشـدەوێت و چاوەڕوانت ئەکات.

## دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠



سـەرنج و ڕوانینت سـەبارەت بە زۆر بـواری گرنگی ژیان گۆڕانکاری بەسەردا دێت، هەست ئەکەی لەناکاو گۆڕانکاری گەورە لە ژیانت ڕوو ئـەدات، نیگەران مەبە و دڵنیابە ئەمە لەبەرژەوەندی خۆت دایە.

## قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢




ئێسـتا پەیوەندیت لەگەڵ نزیکترین کەسـت وەك جاران بەهێز نییە و یەکترتان زۆر خۆشـناوێت، لەداهاتوودا هەسـت ئەکەن هەڵەتـان کردووە و خۆزگـە ئەخوازن بە ڕۆژە خۆشـەکانی پەیوەندی نێوانتان.

## شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢



لەوانەیە ئەم هەفتەیە زۆر خۆش نەبێت بەبەراورد کردن لەگەڵ هەفتەکانـی تر، ئەمەش بەهۆی چەند گرفتێکی بچووکەوە، هەرچەندە چارەسـەرکردنیان ئاسانە و ئەتوانی بە ئاسانی ئەو گرفتانە چارەسەر بکەیت.

## گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢



نابێت گشـت نهێنیەکانت باس بکەیت تەنانەت بۆ نزیکترین کەسـت، لەداهاتوودا پەشـیمان ئەبیتەوە لەبەر ئەوەی مەرج نییە ئەو کەسـەی خۆی بە هاوڕێیەکی نزیك پیشـان ئەدات بەڕاستی تۆی خۆشبوێت.

**ئامادەکردنی:داریۆ**



# بابا نوئێل (سانتا کلۆز) کێیە؟!

ئەم کەسـایەتییە دەگەڕێتەوە بۆ مێژوو، کە قەشـەیەك لە سەدەی چواردەمی زایینی، لە وڵاتی فەرەنسا بەناوی (نیکۆلاس) بووە، لە شوێنێك نیشتەجێ بووە ناوی (میرا) بووە، ئەم قەشەیە شەوانە کاری دابەشکردنی دیاری و خـواردن بۆ ماڵە هەژارەکان وەکو یارمەتییەك بۆیان و بەبێ ئەوەی خۆی بناسێنێ، وشەی (بابا نوئێل) لە زمانی فەرەنسـیدا بە مانای ( باوکی سـەری سـاڵ) کە پیاوێکی ریش سپی و گەورەیە، بە جلی سوور و دەردەکەوێ بۆ ئەوەی سەردانی ماڵەکان بکات و دیاریان بۆ ببات.

## یاری پیت ریزکردن

هەوڵبـدە ئـەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی بۆ ئـەوەی ناوی چیایەکە لە کوردستان بۆ دەرچێ.

ا ر گ ە

وەڵامی ژمارەی پێشوو ( عەنکاوە)

## نوکتە

**برنادشـۆ (گەورە نووسـەری ئیرلەندی) دەڵێ: نوکتە بچووکترین بەشی ئەدەبە!**

- بە قوتابیەك دەڵێن ناوی پێنج ئاژەڵی دڕندە بهێنە. ئەویش دەڵێ سێ شێر و دوو پڵنگ..

***

- ژنێك و پیاوێك شـەڕیان بوو. لـەو کاتەدا کەرێك لەوێوە ڕەت بوو، پیاوەکە ویسـتی گاڵتە بە ژنەکەی بکات بۆیە ئاماژەی بۆ کەرەکە کردو وتی: وابزانم ئەو کەرەش خزمتانە؟! ژنەکەی بە زەردەخەنەیەکەوە وتی: بەڵێ ئەو کەرە خزممانە. خەزوورمە!!

## جیاوازی وێنە!

بۆ زانینی ئاستی زیرەکی مێشك لەماوەی (٢) خولەکدا (٦) جیاوازی لەم دوو وێنەیە بدۆزەوە









### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

دەبێت خـــۆت بپارێزی لەتوڕەبوون، ئەم ماوەیە هەســـت بە ماندووبوون ئەکەیت و زۆر شـــت دێنە ســـەر ڕێگات کە پێویســـتە بە ئارامی ســـەرنجیان بدەیت،لەوانەیە لەگەڵ هاوڕێکانت گەشتێك ئەنجام بدەن.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

دوای چاوەڕوانییەکـــی زۆر ئەم هەفتەیە دەرگای بەختت دەکرێتەوە و هەواڵێکی خۆشـــت پێدەگات ســـەبارەت بەو لایەنـــەی ماوەیەکی زۆرە چاوەڕوانـــی دەکەی، لەو کارە نوێیەدا سەرکەوتوو دەبیت و ئایندەیەکی باشی هەیە.




### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

داوای لێبـــوردن لـــەو کەســـە بکە کـــە دڵت شـــکاندووە، هەرچەندە ئەو زۆر تۆی خۆشدەویســـت بەڵام بەهۆی لەیەك تێنەگەیشتنێکی بچووك پەیوەندی نێوانتان کۆتایی پێهات و ئێستا کاتی ئاشتبوونەوەیە.




### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ســـەرکەوتنێکی گرنگ بەدەســـت دەهێنیت، یان کارێکی گرنـــگ ئەنجـــام ئەدەیـــت ودەبیتـــە جێگای ســـەرنج ودەستخۆشـــیت لێدەکرێت.ئەمـــەش هۆکارێـــك دەبێت بۆ بەردەوامی و بەدەستهێنانی دەستکەوتی زیاتر.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨


بێ هیوا مەبە کاتێك هەندێ شـــت دەبینیت بەپێچەوانەی خواســـت و ئارەزووەکانی تۆن، ڕۆژێك دێت دەبیتە خاوەنی ئەو شـــتانەی خەونی پێوە دەبینی گرنگ ئەوەیە بەردەوام بیت لەهەوڵدان و ڕەشبین نەبیت.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ڕاســـتە ماوەیەکی زۆرە چـــاوت بە خۆشەویســـتەکەت نەکەوتووە و بیری دەکەیت، ئەویش بە هەمان شـــێوە بیرت ئەکات، ئەودوورییە زۆر ناخایەنێـــت و لەوانەیە لەکاتێکی نزیکدا یەکتر ببینن.

hemntoni@yahoo.com



## ئاســـۆیی:

١- شـــاعیرێکی کوردبـــوو- شـــاعیرێکی کوردبوو.
٢- روبارێکـــی کوردســـتانە(پ)- گرێ- یاریەکی وەرزشییە.
٣- قژ- کۆبەE- نیوەی بازە.
٤- کامە-(پ)- ئامێرێکی مۆسیقایە(پ)- دراوێکە(پ).
٥- جۆرە گوڵێکە.
٦- رووبار- گێژ- روورەشـــە-(پ)- دژی نێر.
٧- دوو پیتی دامە- نیـــوەی راڤە- پرچ- شانە(پ).
٨- رەو- پایتەختـــی وڵاتێکی ئاســـیایە- مۆم.
٩- دراوێکە- یانەیەکی فەرەنسیە- توند.
١٠- ژێر- لاواز- ژمارەیەکە- وەکویەك.
١١- ژمارەیەکە(پ)- وڵاتێکی ئەفریقییە- یەك بە ئاشوری(پ).
١٢- مێژوونوسێکی کوردبوو.

## ســـتوونی:

١- مێژوونووسێکی کوردبوو.
٢- بێ موو(پ)- پایتەختی وڵاتێکی ئەفرقییە.
٣-نیوەی خازر- نیوەی چنار.
٤- رەوشت(پ)- بیر(پ)- مێك(ت).
٥- شارێکی تێرانە(پ).
٦- وڵاتێکی ئەمریکیە- دووپتی کاوە- بۆ
٧- وڵاتێکی ئاســـیایە(پ)- تەنیشت- خواردنی ئاژەڵە(پ).
٨- داستانێکی کۆنە(پ).
٩- هەوا(پ)- چیایەکی کوردستانە- وەکویەك.
١٠- نەخێر- وەکویەك.
١١- شـــاعیرێکی کوردبـــوو(پ)- شارێکی کوردیە.
١٢- گۆرانیبێژێکی کوردە.

ئا:فەرهاد محەمەد ئاژگەیی

## بۆ زاخـــاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (پێنجوێن) بوو

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

ئەم خانەنانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە :

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (گیاندارێکی خشۆکە بە مرۆڤ وەدەدات)
- پیتی خانەکانی (١+٢+٦) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پیاو بە زمانی ئینگلیزی)
- پیتی خانەکانی (٣+٥+١) کۆبکەیتەوە بە مانای (جۆرە ئوتۆمبێلێکی گەورەبوو بۆ گواستنەوە بەکاردەهێنرا)
- پیتی خانەکانی (٦+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ئاگر بە زمانی عەرەبی)!

